کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
15-9-2007 23:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆچی کورد قەوارەیەکی میللیخۆی پێ دروست نەکرا؟ ... ئەحمەد دەشتی



گەلۆ ئەگەر ئاوڕێك لەڕابوردووی کارەسات و بەسەر هاتەکانی تەژی لە زام وئازارەکانی کوردو کوردستان بدەینەوەو ئەو هەمو ڕەنج و نەهامەتی و دکرەساتانەی کە بە سەر خاکی کوردستان و گەلی کورد هەر بە درێژایی مێژوو هێندراوەو هەر لە کۆنەوە داگیرکەرانی کوردستان چاوی تەماعیان بڕیوەتە سەرخاکی زیڕینی کوردستان، هەرچی کە لە نامەردی و مرۆڤ کوژی و کاولکاری و دڕندەیی بۆ توانەوەی گەلی کورد و سڕینەوەی ناوی کوردستان لە سەر نەخشەی جیهان دا بەوپەری هێز و تواناوە ئەوەی کە لە دەستیان هاتووە ئەنجامیان داوە، هەمیشە زولم و زۆر داریان بە سەر گەلی کورد داسەپاندووە و خاکی کوردستانیان کردۆتە دەریای خوێن و ئەسرین، ئەگەر زۆر بە چاکی و وردی لەو هەموو ڕوداو و کارەساتەکانی دیرۆکی کوردستان ورد ببینەوەو هەمووهۆکارەکانی بە سەر هاتەکانی پڕ لە پەرێشانی و پەژارەو دوا کەوتوویی گەلی کورد شێ بکەینەوە و دڵسۆزانە هەمویان هەلسەنگێنین و یەکالا و بە ڕاستبی باسیان لێوە بکەین، دەبینین کە گەلێ هۆکار هەن بۆ دروست نەبوونی قەوارەیەکی میللی گەلی کورد، دەبینین کە دوژمنانی گەلی کوردو داگیرکەرانی کوردستان هەر لە زووەوە توانیویانە خالە لاوازەکانی گەلی کورد دەست نیشان بکەن و لەو کەنالانەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاری بێنن و زۆر بە وردی و کارامەیی کاری تێ بکەن و پڕ بە چاکی بۆ خۆیان بچنە ناو دڵی خەلکی کوردەواری و بۆ سودی خۆیان خاکی زێڕینی کوردستان داگیر بکەن و بەو هۆکارە زشتانەیان هەولی خۆیان بۆ لە ناو بردنی گەلی کورد بدەن و هەولی سەرکەوتنەکانی خۆیان بدەن و هەتا ئەمرۆکەش ئەو ڕەوش و خەسلەتانەیان دژ بە کوردبە کار بێنن، وەك شاعیر دەلێت: داگیرکەرانی کوردستان و دوژمنانی کورد توانیویانە کە وا لە کورد بکەن و فێرمان بکەن چی کەخراپە بۆ خۆ وابن و چی کەچاکیشە بۆ دوژمن وا بکەن، بەڵی نەیارانی کورد هەموو کاریگەریەکیان بە سودی خۆیان و دژ بە گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو لە ناو دەروونی کورد دا چەێسپاندووە و کوردستانی زێدی باوك و باپیرانمان هەتا ئەمرۆکەش هەر بە خاك و خوین بکێشن، ئەوان دوژمنانە هەمیشە هاندەری دوا کەوتوویی کوردو کوردستان بوینە و هەن، توانیویانە کە ئەو هەموو کارەسات و کوێرەوەری و دواکەوتوویی کوردستان وەدی بێنن و بەسەر گەلی کورد دا بی سەپێنن، بیری نفاق و هەستی نەزانین و دوو بەرەکێ و یەکتر کوژی و سیخوڕایەتی و نۆکەری کردن بۆ دوژمنان لە مێشکی سادە دلان و خیانەتکاران دا بچەسپێنن، هەستی داوا کردنی سەربەخۆیی کوردستان کپ بکەن و نەهێلن کە گەلی کور ببی بە خاوەن وەلات و کوردستانی خۆی سەربەخۆ و ڕزگار و پێس بخات، ئەوان داگیرکەرانەی کوردستان تەنانەت کەلتور و فەرهەنگی میللیشمانیان دزیوە و بۆ میللەتی خۆیان شانازی پێوە دەکەن، ئەوان زۆر چاك و ژیرانە بۆ خۆیان توانیان کە لە ناو جیهانیشدا ناوی کورد بەد بکەن و هەرچی دڕندەیی و وەحشیگەریەتیەکی کە لەناو دڵی خۆیان دا ئافەریدەیە و خۆیان وان و کەلتوری ئەوانە لە ناو ئەوانەوە ئەو خراپەکاریانە سەریان هەلداوە و کەچی بەسەر گەلی کوردو کوردستانی دا دەبڕن و وایان لە جهانیان گەیاندووەو دەگەێنن کە گەلی کورد گەلێکی دڕندەیە و توانای خۆ بە ڕێوەبردنی خۆی نیەو لە بەر دەمی جیهانیان دا هەر لە کۆنەوە بە ناوی خراپەوە ناوی کوردیان بردووە و دەبەن، هەر بۆیەشە دەبینین کە زۆر جاران بێگانەکانیش کوردیان بە چاوێکی سوکەوە سەیر کردووەو گەلێ شتی خراپیان لە سەر کورد نوسیوە کە هیچ ڕاستیەکیان بۆ نیە، نوسەری گەورەی ئەلمانی کارلما لە ئەلمانیاوەڕا کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەرگیز نەهاتۆتە کوردستانەوە و هەر لە دوورەوە ناوی کوردستان بە وەحشی ناو دەبات و وکتێبێك بەناوی (کورستانی وەحشی) دەنوسێت و ئەم کتێبەش بە هەموو زمانە زیندوەکانی جیهانی وەرگێڕدراوە و کاری گەریەتی خۆی لە سەر ناساندنی گەلی کورد هەر لە زوکەوە بە خراپەکردووە، کە ئەمەش بۆ خۆی کاریگەریەتی و دەستێکی دوژمنانی داگیرکەرانی کوردستانی تێدا بووە.
گەلۆ دەبا لاپەرەکانی ڕۆژگارانی مەینەت و ئازارانمان هەلبدەینەوەو بزانین میرانی کوردەواری و گەورەمەردانی دیرۆکی کورد بۆچی نەیان توانیوە کەلە رۆژگارانی زوو دا و تا ئەمڕۆش قەوارەیەکی میللی بۆ کوردستان دروست بکەن و گەلی کوردیش وەك تەواوی هاوسێکانمان ببێ بە خاوەن وەڵاتێکی کوردستان و ئالای ڕەنگینی کوردستان وەك ئالای تەواوی گەلانی جیهان هەتا هەتایە هەر شەکاوە بکەن و ناوی کوردو کوردستان لە سەر ئەتلەس و ناو قاموسەکانی جیهانیدا هەبوایەو گەلی کوردیش سەربەخۆ و ئازاد و ڕەها بایە، ئەگەر لە خۆمان بپرسین و بلێین کوانی گەورەمەردانی دیرۆکیمان بۆچی سەرنەکەوتن و نەیان توانی قەوارەیەکی میللی کوردستان چێ بکەن و سەر نەکەوتن و هەر شکەستیان خوارد؟ ئەێ کوانی بەدرخانە قارەمانەکانی کانی خاك پەرست، کوانێ شێخ سەعیدی پیران، کوانێ شیخ سەلام بارزانی و کوانێ شیخی نەهری و شێخ ڕەزا و کوانی لە کوێن و چییان بە سەر هێنان؟، کوانی ئاگرێ داخ و نووری پاشاو ڕۆلەکانی، کوانێ سمکۆی شکاك و کوانێ شێخ مەحمودی داری کەلی، کوانێ پێشەوای کۆمارە ساواکەی کوردستان خوێناویمان و کوان شۆرەسوارانی ئەو ڕۆژگارانەمان؟، کوانێ بارزانی پالەوان و سەرەنجامی شۆرشەمەزنەکەی ئەیلولمان و هەزاران هەزار قارەمانی ئەو رۆژگارانەمان؟ کوانی سەدان ڕاپەرین و بزاڤی میللی کورد بۆچی نەیان توانی کە گەلی کورد بە مافی خۆی بگەیەنن و تەنیا دیرۆکی ئازار و پەژارە و ڕەنجیان بۆ بەجێ هێشتین؟ بەڵی لە گەڵ ئەو هەموو ئازایەتی و گیانبازی و خۆ بەخت کردنانەی ئەو قارەمانانەش دەبینین گەلی کورد هەر و هەر چەوساوە مایەوە و دوور لە هەموو شارستانیەت و گەیشتن بە وەلاتێکی سەر بەخۆی کوردەواری کە هەتا ئەمڕۆش هەر وەك ئەفسانە باسی لێوە دەکرێت و هەر لێمان دوور دەکرێتەوەو نکارین ئەم مافەڕەوایانەی میللیەتی کورد بە رك و ڕاست و ڕەوانی داوا بکەین و بە ئاشکرایی لە رووی هەمووی دوژمنان دا هاوار بکەین و بلێین کوردستانی سەربەخۆمان و وەڵاتێکی کوردیمان دەوێت و مێشکی ڕۆلەکانی ئایەندەمان بە وشەی سەربەخۆیی ئاو بدەین و فێریان بکەێن کوردستان لە هەموو ژین و ژیانێك و لە هەموو حزب و لایەن و کە سایەتی گەورەترە و ئەگەر کوردستان نەبێت کەسمان هیچ نین و خاوەنی هیچ شتێکیش نابین، لێ داخی گرانم کە ئاوا نین، خۆ هەتا ئەو ساتەش کەکورد بەو ئاواتە دیرینەی خۆی نەگات هەمیشە کارەسات و بە سەر هاتە زشتەکان چاوەڕوانمان دەکەن. ئەوەی جێگەی داخە کە هەتا ئەمرۆکەش زۆر لە بۆچوون و رفتار و هەنگاوەکانی ڕابوردوو دووبارەو چەند بارە دەکرێنەوە، لە گەڵ ئەو هەل و مەرجانەی کە ئەمڕۆش هاتۆتەکایەوە پەندمان وەر نەگرتووە، هەر هەمان هاکار و هەمان ڕەوش و هەمان خەسلەت و بۆچوونە ناراستەکانی دیرۆکیە کەوا چەند پات دەبێتەوە، هۆکاری گەلێ لە کارەساتەکانی ڕابوردومانە وا دیسانەکەبە دەستی خۆمان زیندوویان دەکەینەوە، مرۆ کە دەروانێت دەلێت گەلۆ دیارە کە لە رابوردومان نەبا بووە نەباران، هەر بۆیەکەشە کە رابوردوی خۆمان ناکەین بە پەندو هەلە مێژووییەکان نەفرین ناکەین و وا بە دەستی خۆمان درندەکانی دیرۆك ئەوانەی کە تا ئەمروش بە هیچ کلۆجێك دان بە کوردو کوردستان ناهێنن و هەرگیز کە بۆیان بلۆیت لێ ناگەرێن کە کوردستان ببێ بە خاوەن قەوارەیەکی میللیو گەلی کورد لە سەرخاکی باپیرانی خۆی دا بە ئارامی و ئازاد و ڕەها و سەربەخۆیی بژیت، ئەو نارەسەن و نامرۆڤانەی کەتا دوێنێ بە ئەنفال و کیمیاو زیندە بە چاڵ و بڕیاری جینۆسایدی گەلی کوردیان دا، وا ئەمرۆکەش لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

چارەی گەلێ لەوانەی کە هاوبیر و هاو نەژاد و هاو زمانی داگیرکەرانی کوردستانن و تا دوێنێ لە خوایان دەویست کورد لە ژێر چنگی سەدامە دکتاتۆرەکە بیان پارێزی و کورد پێیان بڵی مەرحەبا و هیچ نەبوون و لە کوردستان دەژیان و کەچی وا دەبینین ئەمڕۆکە کە لوتی خۆیان بە بەبەرزی دەبینن و خەریکە هەلێکیان بۆ بلوێتەوە دەبینن وا لە باسی کورد هاتونەتە مینگەمینگ و تەنانەت فیدڕالیش بە تەواوی دان پێ نانێن و چونکە ئەمە خۆی شیریانە وا دەزانن کە کورد دەبێ هەر چەوساوەو ژێر دەستەی ئەوانەوە بێت.

جا دەبێ گەلی کورد بە تایبەتی رابەرانی ئەمرۆکە زۆر بە چاکی و ژیرانە و سەرکەوتوانە و ورد بینانە دوژمنانی دیرۆکی کوردو کوردستان بێننەوەبەر چاوی خۆیان و هەرگیز مەغروور نەبن و بزانن کە چی دەکەن و هەرگیز کوردستانی خۆمان بۆ کەس لە یاد نەکەن و زیتر خەریکی کوردو کوردستان بن نەك ئەملاو ئەولا، چونکە هەر ئەو داگیرانەو نەیارانەی کوردستانن کە هەر ماون و ئێستاش وان لە سەنگەر دان و دەیانەویت کە دیرۆکی ڕابوردومان زیندوو بکەنەوە و دیسان گەل و هەموو رابەران و سەروەرانمان بە خاك و خوێن بکێشنەوەو ئەمەش هەمووی لە ژێر پەردەکانەوە هەولی بۆ دەدرێت، ڕاستە کە کورد دەڵێت (مار کە سڕیش بوو نابێ دەستی بۆ درێژ بکەیت) بەڵام داخی گرانم ئێمەی کورد هەتا ئەمرۆش لە بەر خەریك بوون بە مارە سرەکانی ژەهر دار وا خەریکە خۆمان لە یاد دەکەین و کوردستان دیسان دەخەینەوە ژێر چەپوکی ئەو دڕندانەو مرۆ کوژانەی مێژووی پڕ لەمیحنەت و ڕەنجو ئازارەکانی دیرۆکی رابوردو و ئەو برا نا براکانی زەبەڵلاح و بە خوێنی کورد تێنوو، کە هەرگیز دانی خێر بۆ کوردو کوردستان دانانێن و هەر بە پیاو خەراپ و نامرۆڤمان ناو دەبەن و دژ بە هەموو هەنگاوێکن کە سودی بۆ کوردو کوردستان هەبێت، کە چی ئێمە هەر هاوارمانەو دەلێین هۆ کاکی برا گەورەمان، برا نێرە زەلامەکانمان وەرن ئێمە قوربانین بۆ ئێوەو ئێوەش دلۆڤانیمان لە گەل دا بکەن، ئێمە باوەریان پێ دەکەین و بە سادە دڵی خۆمانەوە تەنانەت لە ماڵی خۆشمان دەیان کەین بە هاوبەش، ئەونیش هەر دەستیان بڕواتئەوا یەقەمان دەگرن و نامەردانە لە ماڵی خۆمان ڕاومان دەکەن و هەمان دکرەساتی دیرۆکیمان بۆ زیندوو دەکەنەوە، ئەوسا ئێمە لە کاتێک پەشیمان دەبینەوە، کە چەققەلوولەو بابەڕۆ پشتم شکا رۆژی نەدەم هیچ سودمان پێ نادات و بۆمان زۆر درەنگ دەبێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.